برادەر گیان ئاگاداربە؛ نەوەک لەپڕ بتکوژم!

شانۆنامەیەکی یەک پەردەییە

کەسایەتییەکان:

سەربازی یەکەم: گەنجێکی گەنمڕەنگ، تەمەنی لە دەوروبەری ٢٩ ساڵدایە، جلوبەرگی سەربازیی لەبەرە.

سەربازی دووەم: تەمەنی ٣٢ ساڵێکە، لە سەربازی یەکەم نەختێ بەخۆوەترە، شێوەی بێریە و جلوبەرگە سەربازییەکەی لەگەڵ هی یەکەم جیاوازە.

هەردووکیان سەروقژ بژ و تۆزاوین، قاچ وقول و جلوبەرگیشیان قوڕاوین. شڕۆڵ و شەکەت دیارن.

شوێن:

ئەرەیەکی تاریک و سامناکی نێو جەنگەڵێکی سەر سنوور. درەختەلانەکە هێندە تێکچڕژاو و چڕ نیە، بەڵام درەختەکانی: بێ سێبەر، بێ سەوزین. گەڵا و لقەدار و گژوگیا بە شەونم تەڕەکانیش، لەگەڵ چەند گۆماوێکی لیخن، لێرە و لەوێ، لەژێر پرتەوی مانگەشەودا دەترووسکێنەوە. لە جریوە و جووکەی نامۆ زیاتر، دەنگی هیچی تر لەو ناوە نایەت.

سەربازی یەکەم: (بە پەژموردەییەوە پشتی داوەتە بنەدارێک و هەر دوو قاچی درێژکردووە. بێریە و قایشەکەی لەم لا و لەو لا فڕێ دراون. دوگمەکانی کراسە سەربازییەکەی تا خوار سنگی کراونەتەوە و فانیلە سپییەکەی بەدەرەوەیە. ئانشکی راستی بەسەر قووچەکێک خۆڵدا گرتووە. لەوە دەچێ تازە لە خەو هەڵسابێتەوە. چاوی بڕیوەتە برادەرەکەی، لێی ورد دەبێتەوە) تۆ نیازت وایە لە ئێستاوە بەڕێ بکەوی ؟

سەربازی دووەم: (لای چەپی شانۆ، لە بەشی پێشەوە دانیشتووە، خەریکی کردنەوەی قەیتانی پۆستاڵەکەیەتی) من؟ نەخێر. دەمەوێ نەختێ شلی بکەمەوە. ئەم نەعلەتییە، پێم لەناویدا رزایەوە. ئەوا بۆ هەفتەیەک دەچێ دامنەکەندووە. (وێستانێکی کەم. بە ئازارەوە) لە رێگەدا وەک دووپشک دەچزا بە پەنجەکانمەوە.

(نەختێ بێدەنگی)

سەربازی یەکەم: (بە ترس و نامۆییەوە چاو بە ئاسماندا دەگێڕێ) لەوە دەچێ شەو زۆر درەنگ بێ ! (دەنگی تەقە لە دوورەوە) گوێت لەو تەقە دوورانەیە ؟

سەربازی دووەم: (دووای بێدەنگبوونێکی کەم) چیە، تێناگەم: من شڵەژان و ترسێکی یەکجار زۆر لە تۆدا بەدی دەکەم ؟

سەربازی یەکەم: راستییەکەی، برادەر، دەمەوێ دان بە راستییەکدا بنێم: من دەترسم.

سەربازی دووەم: لە چی ؟

سەربازی یەکەم: بە تەواوەتی نازانم. ترسێکە ! ئەم شوێنەی کە ئێمە لێین زۆر سامناکە !

(نەختێ بێدەنگی)

سەربازی دووەم: من وا زەن دەکەم کە تۆ تا ئێستا لە من دڵنیا نەبوو بیت!

سەربازی یەکەم: ئەمە قسە نیە تۆ دەیکەی، برادەر. من بەڕوونی دووام، وتم: '' لە شوێنەکەمان دەترسم''. تۆ ـ خۆشت دەزانی کە جەنگەڵێکی سەر سنووری نێوان ئەم دوو دۆزەخە هەرگیز جێگای متمانە و دڵنیایی نیە. زۆر دوور مەبینە کە تۆپەکانیان، تەنانەت خۆشیان، بگەنە ئێرە و بەسەر ئێرەشدا دادەن. بەراستمە !

سەربازی دووەم: نەخێر، وانیە. تۆ دڵنیابە! ئێرە مەڵبەندێکی زۆر لاتەریک و گیرە (وەستانێکی کەم) تۆ بە کام رێگەوە بەرەو ئێرە راتکرد ؟

سەربازی یەکەم: من خۆشم نازانم. بەتەواوەتی بیرم نەماوە. من وەختێ بەرەو ئێرە رامکرد ، خۆ بۆ خۆشم نەمدەزانی بە چ رێگایەکدا و بەرەو کوێ رادەکەم. دووای ماوەیەک کە سەیرم کرد : خۆم لەنێو ئەم جەنگەڵەدا بینییەوە.

سەربازی دووەم: تۆ لەوانەیە بە دۆڵەکەی ئەم بەرەوە گەیشتبێتیە ئێرە.

سەربازی یەکەم: ئەی تۆ ؟ تۆ چۆن گەیشتیتە ئێرە ؟

سەربازی دووەم: من زۆر بەئاگاییەوە هەڵدەهاتم: هەر لە سەرەتاوە دەمزانی بەرەو کوێ رادەکەم؛ دەشمزانی کە دەگەم بەم جەنگەڵە (وەستانێکی کەم) تۆ دڵنیابە ! ئێرە شوێنێکی وا نیە کە بتوانن بەئاسانی ئەو چرستانەی ئەم دیومان ببڕن و ئێرە بدۆزنەوە. نەء .

(نەختێ بێدەنگی)

سەربازی یەکەم: برادەر، تۆ بە قسەکانتەوە دیارە، لەوە دەچێ کە ئەم مەڵبەندە هەمووی باش شارەزا بیت؟

سەربازی دووەم: من پێش ئێستا زۆر کەرەتی دیکە هاتووم بۆ ئەم ناوە. هەروەها وەختی منداڵیشم، لەگەڵ باوکم، کە قاچاغچی بوو، بە بیرم دێ، ئەم ناوە بست بە بستی گەڕاوم (پەنجە بۆ درەختەکانی ئەوبەر، بۆ شاخەکان درێژ دەکات) پشت ئەم شاخانە پێی دەڵێن (گریان)، ئەمبەریشی گۆڕستانێکە. خەمت نەبێ ، ئەم شوێنەی ئێمە ئەرەیەکی گەلێ ئەستەم و لاچەپە. تەنانەت سەگیشیان پەی بێرە نابات. (لە شلکردنەوەی قەیتانی پۆستاڵەکەی دەبێتەوە. هەر بە دانیشتنەوە نەختێک بەرەو دووا دەکشێتەوە و بە ئازارەوە پشت بە درەختەکەی پشتییەوە دەدات) ئاه ! من گەلێک ماندووم، برادەر! تۆش وەک من ماندووی؟

سەربازی یەکەم: خەریکە جومگەکانم لێک دەردەچن.

سەربازی دووەم: سەعاتێک بوو هەر رامدەکرد. لەوە دەترسام بە دووامەوە بن ! (سەیری دەست و پل و ناولەپەکانی خۆی دەکات) لە رێگە بەسەر تلیشەبەرد و درکەزییەکی زۆردا کەوتم (نەختێ بێدەنگی. دەیەوێ راکشێ. سەیری برادەرەکەی دەکا، وەک ئەوەی بیەوێ دڵنیای بکات) برادەر گیان، لەم شوێنە چاکترمان دەست ناکەوێ کە نەختێ پشووی تێدا بدەین. خۆ چەند زووتریش بەرێ بکەوین، باشترە. بەلام من، راستییەکەی، هیلاکم. دڵنیاشم کە برسێتی لە رێگە دەمانخا. من کاتی خۆیشی بەرگەی برسێتیم هێندە نەدەگرت. هیچت پێ نیە بیخۆین؟

سەربازی یەکەم: نەخێر، بەداخەوە (نەختێ بێدەنگی) من کاتێ رامکرد، خۆ هیچ تینوێتی و برسێتییەکم لە یاد نەمابوو؛ تەنانەت فریای هێنانی چەکەکەشم نەکەوتم.

سەربازی دووەم: ئاه، من ئێستا دەڵێی یەکەم جارە لە

ژیانمدا هەست بە برسێتی دەکەم.

سەربازی یەکەم: برسیتە ؟

سەربازی دووەم: زۆر زۆر.

سەربازی یەکەم: من هێندە نەء .

سەربازی دووەم: تۆ باش بوو بۆ خۆت سەرخەوێکی خۆشت کرد؛ نەختێ حەسایتەوە. دەمێک بوو لێرە راکشابوویت ؟

سەربازی یەکەم: نازانم (بە سەرسوڕماوییەوە) چما من خەوم لێ کەوتبوو ؟

سەربازی دووەم: من غەدرم لێ کردیت.

سەربازی یەکەم: بۆچی ؟

سەربازی دووەم: لەو خەوە خۆشەت بەخەبەرم کردیتەوە.

سەربازی یەکەم: نەخێر، بەپێچەوانەوە؛ وا مەڵێ ! باش بوو لە خەوت هەڵساندم. من دڵنیام ئەگەر تۆ بەسەرما نەهاتیتایە، لەوانە بوو تا چوار رۆژی دیکەش باگا نەهاتمایەتەوە. زۆر شەکەت بووم.

سەربازی دووەم: ئێستەش هەر پێتەوە دیارە، بۆرژاوی. کەمێک ئیسراحەت بکە ! جارێ شەو زۆری بەبەرەو ماوە (بەپرتاو) دەزانی من لە سەرەتادا ویستم بتکوژم ؟ (وێستانێکی کەم) سەیرم پێ دەهات ! ئاخر، من کە هاتم و چاوم پێت کەوت، تۆ لەژێر درەختەکەدا زۆر سەیر گرمۆڵە ببوویت. لە مرۆڤ نەدەچووی. نەختێک لێت نزیکتر کەوتمەوە و هەستی خۆم راگرت، گوێم بەئاستەم تەنها لە نووزەیەکت بوو. نزیکەی سێ چوار دەقیقە، لەدوورەوە، هەر لێت وردبوومەوە. بیرم دەکردەوە، دەمگوت: " خوایە ! هیچ گورگێک، هیچ گیانداریک لەم ناوە نەماوە کە دەستی ئاگر و گوللە نەیگەشتبیتێ؛ لە سەربازێکی بەدبەختی وەک من

زیاتر، مرۆڤ بەم نیوەشەوە کاری بەم جەنگەڵە سامناکەوە چیە کە بێت وا بەئارامیەوە لێرە پاڵ کەوێت ؟''. بەڵام باش بوو هێندەی پێ نەچوو، جووڵایتەوە. کە جووڵایتەوە و سەرتم بەدی کرد ئینجا زانیم کە مرۆڤیت.

سەربازی یەکەم: بەراستیتە ؟

سەربازی دووەم: باوەڕ بکە، من لەسەر ئەوە بووم کە میلی چەکەکەشم بهێنمەوە. سوپاس بۆ خوا؛ من ئێستا هەست بە بەختەوەرییەکی زۆر دەکەم لەوەی کە نەبوویتە قوربانیی ئەم ساتە نەفرەتلێکراوەی سەرلێشێواویی من.

سەربازی یەکەم: سوپاس، برادەر. منیش چاکەی تۆم قەت لەبیر ناچێ. هەمیشە وەک ئایەتێکی هەڵکەندراوی سەر دڵم دەیپارێزم (وێستانێکی کەم، بەغەمگینی و سۆزەوە) تۆ زۆر بەشێنەیی و خەمخوارییەوە لە خەوت هەڵساندم (بە ڕەتاوی و هێمنییەوە) دەزانی، برادەر، من وا بۆ سەری نۆ مانگان دەچێ، ئەمە یەکەم جارە کە دەستی مرۆڤ وا بەنەرمی و شێنەییەوە لە خەوم هەڵبستێنێ !

سەربازی دووەم: بەڵێ، برادەر، حاڵی ئێمەش لە هی ئێوە چاکتر نەبوو. هەموو بەیانییەک وەکو یەکتر: لەجیاتی چرپە و دەستی نەرمی ژن، سەرە سمکی پۆستاڵان یانیش زرمەی تۆپ و دەسرێژەکان وەخەبەریان دەکردینەوە. بەڵێ، ئەوەیە برادەر. ئەوەی بە ژیانی نێو ئەم جەنگە هەڵبکا، بێگومان دەتوانێ بە ئاسانی بە هی دۆزەخیش هەڵبکا.

سەربازی یەکەم: ئاخ برادەر، وەختی خۆی گلەییم لە بەختی خۆم دەکرد و لە ژیانی خۆم ناڕازی بووم، دەمگوت: '' ڕەنج زۆر دەدەم و هێشتاش هەر نەبوونم''. کاتێ سەفەری پایتەختم دەکرد بۆ کارکردن، ئەگەر تەنیا سێ هەفتە کەسوکاری خۆم

نەدیبایە، دەمگوت: '' من چۆن دەبێ سێ هەفتە چاوم بە ماڵەوە و ئاشنایانی خۆم نەکەوێ ؟''. کەچی ئێستاش ! هەیهات ! هەیهات برادەر ! خۆزگەم هەر بەو ژیانی کرێکاریی جارانم !

سەربازی دووەم: تۆ چەند دەبێ سەرت لە شارەکەی خۆت نەداوەتەوە ؟

سەربازی یەکەم: (بە حەسرەتەوە) زۆر لەمێژە، برادەر، زۆر لەمێژە (بەبێزارییەکی پڕ لە رقەوە) من ئەگەر باسی ژیانی خۆمت بۆ بکەم، هەرچی دەریای دنیا هەیە پڕی دەکەی لە تفی نەفرەت و دەیدەیتە رووی ئەو گەواد و کافرانەوە. خوانەناسن، بێ ویژدانن. نۆ مانگ، نۆ مانگی ڕەبەق، وەک ئامێردێک، لە سەگی پێ سووتاو بێزەوەرتر، هەر ئەم بیابان و ئەو بیابان و ئەم دەشت و ئەو دەشتیان پێ دەکردین. تا لە دووایین جاردا هێنایانین بۆ ئەم مەڵبەندی سەر سنووری باکوورە. لەوە دەچوو کە تەنانەت ئیجازەشمان پێ بە ڕەوا نەبینن. هەموویشی لە ترسی ئەوەیان بوو کە نەوەک لەدووای ئیجازەکەمان نەگەڕێینەوە و رابکەین (وەک ئەوەی یادگارێکی تاڵی بیرکەوتبێتەوە) برادەر، لەم دوو مانگەی دوواییدا سەد و سی سەرباز زیاتریان ـ لەوانەی کە فیراریان کردبوو، گوللەباران کرد: ئەو سەربازانە لەنێو قامیشەڵان و زەلکاوەکاندا خۆیان حەشار دابوو. ئەرێ ئێوە هەواڵی کوژرانی پێنج ئامرهێزەکانی ئێمەتان نەبیستەوە کە لەم شەڕەی دوواییدا کوژرابوون؟

سەربازی دووەم: نەخێر، نەء.

سەربازی یەکەم: لە سەنگەرەکانی خۆیانەوە، لەدوواوەڕا تەقەیان لێ کردبوون.

سەربازی دووەم: لە شەڕەکەی باشوور دەڵێی ؟

سەربازی یەکەم: بەڵێ، ئا.

سەربازی دووەم: تۆ ـ خۆت لەو شەڕە دابووی ؟

سەربازی یەکەم: هەهـ (بەتەوسەوە) گەر لەوێ بوومایە ئێستە لەوانە بوو بەس تەنیا گوێچکەیەکم لێرە کەوتایە.

سەربازی دووەم: شەڕێکی پیس بوو.

سەربازی یەکەم: دەیانگوت: " سەربازی کوژراو لە بەردی دەو زێیان زێتر کەوتبوون". تیپێکی تەواوی سەربازەکانی ئێمە، بە چەک و تفاق و ئەفسەرەوە، خۆیان تەسلیمی هێزەکانی ئێوە کردبوو.

سەربازی دووەم: بەڵێ، ئەوەم بیست.

(تاوێک بێدەنگی)

سەربازی یەکەم: من لەو باوەڕەدام ئەگەر دوو هێرشی دیکەی ئاوهاتان بکردایەتە سەرمان، ئیدی ئەم جەنگە لایەکی بە لایەک دەبوو و دەبڕایەوە.

سەربازی دووەم: ئەگەر مەبەستت ئەوە بێ کە لە داهاتوودا ئێمە سەردەکەوین، ئەوا بەراستی، ئێمە لەم جەنگە ناماقوولەدا گەر بشبەینەوە هەر دۆڕاوین.

سەربازی یەکەم: راستییەکەی، برادەر، من تێناگەم.

سەربازی دووەم: لە چی ؟

سەربازی یەکەم: (بە سەرسوڕماوییەکی پڕ لە رقەوە) لەم وشانە: بردنەوە، دۆڕان... سەرکەوتن، ژێرکەوتن.

سەربازی دووەم: چەند وشەیەکن، گشتیان بۆ یەک مەبەست بەکار دێن: باخەڵ پڕکردنی خۆیان، هەروەها شەکەتکردن و ئازاردانی خەڵکی بێگوناه .

سەربازی یەکەم: من نازانم ئەم جەنگە لەسەر چیشە !

سەربازی دووەم: (بە رقەوە) هەن کە دەزانن.

سەربازی یەکەم: مامۆستایەکی دراوسێمان ـ خوا لێی خۆش بێ، لەو ئیجازەیەی پێشوومدا بیستم لە سێدارەیان دابوو ـ دەیگوت: " ئەم شەڕە، هەمووی بۆ ئەوەیە کە فرۆکە و تەقەمەنی و چەکی قورسی.. نازانم هی کام وڵات.. بخەنە بازاڕەوە و بیانفرۆشن"؛ دەیگوت: " بۆئەوەیە کە ئەم دوو وڵاتەی ئێمە ببنە بازاڕێک بۆ قازانجی .. (بۆ ناوی وڵاتەکە دەگەڕێ).

سەربازی دووەم: ئەمریکا ؟

سەربازی یەکەم: نەء .

سەربازی دووەم: فەرەنسا ؟

سەربازی یەکەم: ئا.. ئا، بەڵێ.

سەربازی دووەم: بەلاّم تەنیا بۆ ئەوە نییە، بۆ شتی دیکەشە؛ شتی دیکەش هەن کە لەسەری بەشەڕ دێن.

سەربازی یەکەم: شتی چۆن ؟ چی ؟

سەربازی دووەم: بڵێم شتی چۆن ! (بە رقەوە) شتی ناماقووڵی ئەوتۆ مەگەر تەنیا شەیتان دەستی تێ بچێ. بەپێی قسەی ئێزگەکان لەسەر ئەو پارچە عەردەی باشوورە.

سەربازی یەکەم: کام پارچە عەرد ؟

سەربازی دووەم: ئەو پارچە عەردەی، ئەگەر خۆ ئێمە وەدەستیشی بهێنینەوە، یەکسەر دووای مانگێک، دەکرێتە سامناکترین زیندانی ئەشکەنجەدانی بێ تاوانان (بە دوودڵییەوە) بەلاّم برواش ناکەم، ناگونجێ سێ ساڵی خوێن رشتن تەنیا سەبارەت بە پارچە عەردێک بێت ! (بە تەوسێکی بێهوودەییەوە) بەلاّم بۆ نا ؟ خۆ سەیریش نییە ! مرۆڤ لەم رۆژهەلاّتەدا زۆر کەر و کەودەن و بێ عەقڵە؛

تەنانەت لەوانەیە لەسەر پارچە ئێسقانێکی سووتاویش بەشەڕ بێ ! سەرۆک حزب و سەرکردەکانمان، خۆ لە خەڵکە ساکارەکە زۆر بێ عەقڵ و چڵێستریشن.

(تاوێک بێدەنگی)

سەربازی یەکەم: تۆ بڵێی وا زوو کۆتایی پێ بێ ؟

سەربازی دووەم: باوەڕ ناکەم (وێستێکی کەم) بەڵام خۆ لەوانەشە: چونکە ئێستا خەڵکەکەیان بەتەواوەتی شەکەت کرد و توانیشیان هەموو پارتەکانی دیکەی غەیری خۆیان لاواز و پارچەپارچە بکەن !

سەربازی یەکەم: (وەک ئەوەی یەکەم جار بێ لە ژیانیدا گوێی لەم وشەیە بووبێت) پارت ؟

سەربازی دووەم: بەڵێ ئا، ئەو پارتانەی کە هەر لە سەرەتاوە بەرگرییان لە شەرەف و ژیان و ئازادیی خەڵک دەکرد و جەماوەرێکی زۆریان بەدەور کۆببۆوە. (بێهوودانە) هەر چۆنێ بێ.. با ئێمە سەرمان بەم قسانەوە نەیەشێنین. بە گوێرەی ئێمە: ئەم شەڕە نەگریسە ئەگەر زوو کۆتایی پێ بێ یان درەنگ، تازە تەواو، ژیانی ئێمە فەوتا؛ ئێمە ئیتر تازە ناتوانین چاومان بە شاری خۆمان بکەوێتەوە !

سەربازی یەکەم: بەراست ؟

سەربازی دووەم: مەگەر تەنیا بەوەی کە تەسلیم بە هێزەکانی خۆمانمان بکەنەوە !

سەربازی یەکەم: ئێ ئەو کاتەش دیارە چارەنووسمان بە چی دەگا !

سەربازی دووەم: بڕوا ناکەم.

سەربازی یەکەم: من دڵنیام.

سەربازی دووەم: لە چی ؟

سەربازی یەکەم: لەوەی کە هێزەکانی خۆمان گوللەبارانمان دەکەن، یانیش لەسێدارەمان دەدەن.

سەربازی دووەم: من ئەوە ناڵێم؛ مەبەستم ئەوەیە کە بڕوا ناکەم تەسلیمی هێزەکانی خۆمانمان بکەنەوە.

سەربازی یەکەم: بۆچی ؟

سەربازی دووەم: چونکە ئێمە ئەو کاتە حسێبی پەناهەندەییمان بۆ دەکەن، دەتوانین کە بەدووای ژن و مناڵەکانمان بنێرین، بەنهێنی بێن بۆ لامان و دەرباز بین بۆ دەرەوە، بۆ ئەورووپا، بۆ هەر وڵاتێک بمانەوێ.

سەربازی یەکەم: (بە نیگەرانییەوە بەو ناوەدا دێت و دەچێ) بڵێم چی برادەر گیان، من هیچ شتێکی چاک لە بەختی خۆم رانابینم. چارەنووس و داهاتووشم، زۆر رەش، وەک ئاوێنەیەکی تەڵخ دەبینم (وێستانێک) چی بکەین! جێی داخە کە مرۆڤ لە سەر ئەم زەوییە پان و پۆڕ و فراوانەدا شوێنێک نەبێ ئۆقرەی تیا بگرێ؛ جێی داخە بۆ ئێمە ـ کە هێشتا تێر بۆنی زەویمان نەکردووە و تێر دونیامان نەبینیوە ـ بەو هەموو دەرد و مەرگەساتییەوە سەربنێینەوە. ئێمە دیارە لە چارەمان نووسرابوو، لە چارەمان نووسرابوو کە ئەم رۆژگارە پڕ بەڵایە بە چاوی خۆمان ببینین. پێم بڵێ: جیاوازیی من چیە لەگەڵ ئەو خەڵکەی کە ئێستا وا لە شارەکاندا، لە خانووی خۆش و پەنجەرەبەندا، لەسەر سیسەمی نەرم و نیاندا، بێ خەم پاڵ کەوتوون و خەونی دڵنیایی و پڕ رەنگ دەبینن؛ لەگەڵ ئەوانەی کە ئێستا وا لە سینەماکاندا، یانیش لە باڕ و کەبەریەکاندا، قاچ لەسەر قاچ دانیشتوون و بە مەستییەوە پێدەکەنن و فستق دەشکێنن.. جیاوازیم چی بوو؟ من لەگەڵ ئەوانەدا جیاوازیم چی بوو؟

بێگومان ئەوان هەنووکە منیان هەر لەبیریش نیە. من تەنانەت براکانیشم، ئێستا هەر یەکەو هەر خەریکی " ئۆتومبیل کڕین و فرۆشتنەوە" ی خۆیانن؛ هەر شەوەی لە بارێک، هەر شاوەی لە شارێک، لە قومارخانەیەک، لە ماڵێکدا یان دەعوەتن و یانیش مەستی مەی خواردنەوە و پارەژماردنن: کەی بواریان هەیە بیرێک لە من بکەنەوە ؟ خۆ پێش جەنگیش، کێ باری منی سووکتر دەکرد و بۆ خەمی من نەختێ دەسووتا.. کێ ؟ تەنها دایکم (هەنسکی گریان قورگی دەگرێ) من لەناو شەڕیشدا، ئەو کەسەی کە زۆر زۆر بۆی پەرۆش بووم و بۆی دەگریام تەنیا دایکم بوو. من دڵنیام تەنیا تاسەی بینینەوەی ئەویش بوو کە لەم هێرش بردنەی ئەم شەودا وای لێکردم رابکەم و مردن بە خۆم بە ڕەوا نەزانم. گوناهە، گوناهە برادەر گیان! من، قەیناکە، با ژیانی خۆشمم خۆش نەوێ، بەڵام ویژدانم چۆن قبوولْ بکا کەسێک دووای خۆم بە حەسرەت بکوژم.. چۆن ؟ بۆچی ؟ (بە دەنگێکی گریاناوییەوە) من شەق دەبەم.. شەق دەبەم ئەگەر جارێکی تریش نەمبینێتەوە.. شەق دەبەم ئەگەر ئەو وابزانێ کە من مردووم و نامبینێتەوە !

سەربازی دووەم: تۆ خەفەت مەخۆ، خەفەت مەخۆ برادەر ! من لەوەدا بێگومانم کە بە دیداری دایک و بە دیداری کەسوکاریشت شاد دەبیتەوە. لەو ماوەیەی داهاتووی ژیانیشت، لە پەناهەندەییدا، ئینشاڵلا هەرگیز بێ بەری و ئاتاج نابیت ! کێ دەزانێ؛ بەڵکو ئەم جەنگە هێندەی نەخایاند !

سەربازی یەکەم: (بە خەمگینییەوە) سوپاست دەکەم؛ تۆ دەتەوێ دڵم بدەیتەوە.

سەربازی دووەم: نەخێر. تۆ هەرکە گەیشتیتە ئەوێ و ماوەیەکی بەسەرداچوو، وردە وردە ئەمانە بە چاوی خۆت دەبینی (نەختێک بێدەنگی) هەر چۆنێ بێ، تۆ لەوێ یا لە هەر وڵاتێکی دیکەدا هەر ئیشێک بکەیت: ئەگەر دێوەرەیەکی بەینی شارەکانی کەنەدا بیت یان قاپشۆری چێشتخانەکانی ئەوروپا یا کرێکارێک بیت لە ئیتاڵیا، خۆ هیچ نەبێ تووشی هیچ بێ ئومێدی و رەنج بە خەسارییەکی وەک ئێرە نابیت.

سەربازی یەکەم: ئەرێ راستە دەڵێن " کارگەکانی لای ئێوە هەموویان داخراون" ؟

سەربازی دووەم: نەخێر.

سەربازی یەکەم: رۆژنامە و رادیۆ و تەلەفزیۆنەکانی لای ئێمە وای بڵاودەکەنەوە. تەنانەت دەڵێن " قوتابخانە و زانکۆکانیشتان هەموویان داخراون".

سەربازی دووەم: وایە، بەڵام یەکجار بەم شێوەیەش نیە. وەلێ تۆ لەبەرچی ئەم پرسیارە دەکەی ؟ کارگە هەبێ یان نەبێ، بە تۆ چی ؟

سەربازی یەکەم: ئاخر من ئەگەر بمەوێ لەوێ بە پەناهەندەیی بژیم، خۆ پێویستە ئیشێک بکەم.. هەر ئیشێک، پێی بژیم.

سەربازی دووەم: دڵنیا بە ! هێشتا کارگەگەلێکی زۆر ماون لە کاردا بن. ئیشیش یەکجار زۆرە، بەتایبەتی لە پایتەخت.

سەربازی یەکەم: کەواتە دەتوانم لەوێ بمێنمەوە و کاربکەم؟

سەربازی دووەم: خاوەن کارگە و قۆنتەراتچییەکان چما هەر هەست بەوە دەکەن کە جەنگیشە ؟

سەربازی یەکەم: (بە سەرسوڕماوییەوە) لای ئێمە هەموو

ئەم شتانە بەپێچەوانەوە دەبیسترانەوە.

سەربازی دووەم: نەخێر. ئامریکا و فەرەنسا پارە و سامانێکی هێند زۆریان هەیە، تەنانەت دەتوانن تا حەوت سالآنی دیکەش قەرزی بدەنێ. پاشان، جگە لەمە، تۆ لەوێ ئەگەر کاریشت بۆ نەدۆزنەوە، مووچەی مانگانەت بۆ دەبڕنەوە.

سەربازی یەکەم: (سۆراغی قسەکەی پێشووی لێ دەکا، وەک ئەوەی کە بەتەواوەتی گوێی لە وشەکانی " ئەمریکا" و " فەرەنسا" نەبووبێ) وتت: کێ هەیەتی ؟

سەربازی دووەم: ئامریکا و فەرەنسا.

سەربازی یەکەم: (بە سەرسوڕمانەوە) چما ئەمریکا و فەرەنسا پشتگیریی ئێوە دەکەن ؟

سەربازی دووەم: بەڵێ. ئێمە کەلوپەلەکانیشمان، تەنانەت بەشێکی زۆری خواردن و خواردنەوەکانیشمان هەر لەوانەوە بۆ دێت. هەڵبەت ئەمانیش هەر بۆ قازانجی خۆیان دەیکەن.. ئەگینا تۆ بیر بکەوە برادەر، ولآتێک چ مەجبووری ئەوەیە کە پاکەتێکی بچووکی جگەرەی رۆتمانمان لەو رێیە دوورەوە بۆ رەوان بکات؛ ئەگەر قازانجی خۆی تێدا نەبێ ؟

سەربازی یەکەم: سەیرە ! من لەبیرمە: جارێکیان گوێم لە ئێزگەی رادیۆی ئێوە گرتبوو، دەیگوت: ئەمریکا پشتیوانیی ئێمە دەکا نەک هی ئێوە. هەروەها مامۆستاکەی دراوسێشمان ـ خوا لێی خۆش بێ ـ هەر وای دەگوت.

سەربازی دووەم: باشە پێم بڵێ، برادەر، ئەی لای ئێوە ؟ لای ئێوە ژیان چۆنە ؟

سەربازی یەکەم: ئەرێ بەڕاست، تۆش جگەرەت پێ نیە ؟

سەربازی دووەم: من ناکێشم.

سەربازی یەکەم: لە پێری ئێوارەوە، جگەرەیەک چیە نەمکێشاوە (نەختێک بێدەنگی. بە وەڕسییەوە) گەلێک سەخت و ئەستەمە، برادەر گیان ! هیچ شتێک لەوەدا نەماوە کە مرۆڤ پێی هەڵ بکا. شەمەک سێ نرخی جارانی خۆی هاتۆتە سەر. پارەش کەم و بێسوود بووە، تەنها لە دەست کۆمەڵێ گەواد و قۆنتەراتچی و دەوڵەمەنددایە و هیچی تر.

سەربازی دووەم: ئیش هەیە ؟

سەربازی یەکەم: بەڵێ ئەوە هەیە کە مەمرە و مەژی پێ بژیت. لە سەرەتادا چەند کارگەیەکی ناو شارەکان بۆردومان کران و داخران. هەروەها کرێکارێتیش ماوەیەک بوو دەست نەدەکەوت؛ ئەوەی هەشبوو، رۆژانەکەی زۆر کەم ببۆوە. ئیتر دووای ئەم هەشت مانگەش، نازانم. من لەوێ نەبووم. نەفرەتیان لێ بێ. توخوا برادەر، با واز بێنین. من هیچ توانای باسکردنی ئەم دۆزەخەم نەماوە (وێستانێکی کەم) لە چاوان کوێر بن. چۆن ئەم ژیان و دنیایەیان تێک وپێک دا !

سەربازی دووەم: (بیر لە قسەکانی برادەرەکەی دەکاتەوە و سەیری دەکا) برادەر تۆ لەوە دەچێ کە حەزبکەی ولآتەکەت لەم جەنگەدا بدۆڕێنێ !

سەربازی یەکەم: نەک تەنیا من، ئێمەی خەڵکی بێتاوان هەموومان؛ دووای ئەم جەنگە وێرانکارییە، بە یەکجاری ماڵئاواییمان لە واتاکانی " ولآت " و " نیشتیمانپەروەری " کرد. واتاکانی " ولآت" و " نیشتیمانپەروەری" بایانداوە کەندێ.

سەربازی دووەم: ولآت ئەمڕۆ داردەستێکی رژێم و سەرکردەی حزبە بۆرژواکانە بۆئەوەی ولآتپەروەرانی بەدبەختی

وەکو ئێمە هەڵخەڵەتێنن؛ بەیەکترمان بەکوشت بدەن، قازانج و سامان و ئاسوودەییش تەنیا بۆ ئەوان بەجێ بهێڵین!

سەربازی یەکەم: (بە دڵەڕاوکێوە، بۆ وەڵامێک دەگەڕێ) تێناگەم ! (وەک دڵی خۆی بداتەوە) برادەر گیان، من دەمەوێ لە شوێنێکدا ئیشێک بکەم و بە ئاسوودەیی و تێری بژیم. ئیتر ئەگەر ئەمە، بۆ کرێکارێکی بەدبەختی وەک من، بە سەرکەوتنی ولاتەکەی یان بە دۆڕانی بەدی بێت، وەکو یەک وایە ! وەکو یەک وایە ! (بە بێزاری و ماندووییەوە) ولات، ولات، ولات! بە چی دەچێ ؟ من چەندین ساڵە لە ولاتەکەی خۆمدا دەژیم و هەر برسیشم، هەر ماندووش، هەر بێ بەری و هەر نائاسوودەش. برادەر، ولات: پارچە نانێکە کە پێی بژیت، ولات:ماڵێکی بچکۆڵە و خنجیلانەیە کە لەگەڵ خێران و منداڵەکانت بە ئارامی و بەختەوەرییەوە تێیدا بژیت. بەڵام لەکوێ برادەر؟ بەدبەختیی من ئەمەشم پێ بەڕەوا نابینێ (بەبێهوودەییەوە) تازەش تەواو. دووای چی ؟ کاتی بەسەرچوو. من ئێستا بێز لە خۆم دەکەمەوە. بۆ من، هەموو شتێک کاتی بەسەرچووە ! من هەرچی بڵێم خۆم هەڵدەخەڵەتێنم. ئاخ، دووریش نیە کە لەگەڵ وەرینی یەکەمین گەڵای ئەم پایزە تەسلیمی ولاتەکەی خۆم بکرێمەوە (بەبێزارییەوە) خۆزگە !

سەربازی دووەم: ئۆف، برادەر، تۆ چەند ئەم ترسە وەبیرە خۆت دێنیتەوە !

سەربازی یەکەم: (بێهوودە، هیچ قسەیەک ناکا)

سەربازی دووەم: ئەمە شتێکە کە قەت روونادا.

سەربازی یەکەم: تۆ راست دەکەی، بەڵام من دەڵێم لەم ساتە نالەبارەدا نابێ ؟

سەربازی دووەم: چی نابێ ؟

سەربازی یەکەم: دڵنیابوون.

سەربازی دووەم: دڵنیابوون لە چی ؟

سەربازی یەکەم: لەوەی کە ئایا تەسلیممان دەکەنەوە یان نا ؟ (بەتووڕەییەوە) لەوەی کە بژین، بێ مەرگەساتی و بێ چەرمەسەری: تەنیا ژیانێکی سادەی وەک مرۆڤ، هیچی تر نا! من دڵنیا نیم، من لەم شتانە و لە ژیانی خۆم هیچ دڵنیا نیم (بە فیگارییەوە) من چیتر توانای بیرکردنەوەم نەماوە.

سەربازی دووەم: (قسە ناکا، بێدەنگ، سەیری برادەرەکەی دەکا)

(تاوێک بێدەنگی)

سەربازی یەکەم: (بەبێهوودەییەوە) بەڵام دەشتوانین کە بێ ئەمەش هەر بەڕێ کەوین !

سەربازی دووەم: بەرەو کوێ ؟

سەربازی یەکەم: بەرەو خۆ تەسلیم کردن.

سەربازی دووەم: بەڵێ. راستییەکەی، من لە هەڵاتنی خۆم پەشیمان نیم؛ لەوەش رازیم کە چیتر خەڵکی بێگوناهم نەکوشت. هێندەش بەسە کە ئێستا هەناسەیەکی پاک لەناو ئەم دەوەن و گژوگیا تەڕ و جوانانە بەسەربەستی هەڵدەمژم. ئەم قسە پڕ خەم جوانانەی تۆش وام لێدەکا کە ئێستا هەست بە بەختەوەرییەکی زۆر بکەم (لەناکاو دەشڵەژێ، بەپەلە بەرەو لای برادەرەکەی هەنگاو دەنێ) ئەوە چیتە ؟ (برادەرەکەی بە ئەزیەتەوە دەکۆکێ) ئەی بۆچی زوو دەنگت نەکرد ؟ (وێستانێکی کەم. لەبەر تاریکییەکە چاوی باش نابینێ، ورد دەبێتەوە) ئەم خوێنە چیە بە قۆڵتەوە ؟ برینداری؟

سەربازی یەکەم: (سەیری شوێنی خوێنەکە دەکا، وەک ئەوەی کە تازە خوێنەکەی سەر بەرگی خۆی دیبێ) نەخێر نە، (لەپڕ دەکۆکێ) هیچ نییە. وا دیارە خوێنی هاورێکانمە (وێستانێکی کەم) وشک بۆتەوە.

سەروبازی دووەم: ئەی چیتە ئەوە ؟ نەخۆش دیاری ؟

سەربازی یەکەم: نەخێر، نەء . هیچم نیە.

سەربازی دووەم: با، لەوە دەچێ سەرمات بووبێ (پاڵتۆکەی بەر خۆی دادەکەنێ. ئەو ئاگای لێ نیە) هانێ، بیکە بەرت !

سەربازی یەکەم: چی ؟ نەخێر، دەیکەیتەوە بەرت بە خوا.

سەربازی دووەم: نابێ ! پێتەوە دیارە، سەرمات بوو.

سەربازی یەکەم: ئاخر، تۆ خۆت سەرمات دەبێ.

سەربازی دووەم: نەء، نابێ ! من بە سەرما زۆر راهاتووم (یارمەتیی دەدا بۆ لەبەرکردنی پاڵتۆکە) ئەوە پەنجەت چیی بەسەر هاتووە ؟

سەربازی یەکەم: (سەیری پەنجەکانی دەستەچەپی خۆی دەکا) بەر مەکینەی کارگە کەوت.

سەربازی دووەم: (دادەمێنێتەوە و وردتر لە پەنجە قرتاوەکانی رادەمێنێ) هیچ پارەیان بۆ نەبڕیتەوە ؟

سەربازی یەکەم: مەبەستت خاوەن کارگەکەیە ؟

سەربازی دووەم: خاوەن کارگەکە، میری ؟

سەربازی یەکەم: ئاهـ برادەر (وێستانێکی کەم. بە دەنگێکی کەساسییەوە) من خۆشم لە خۆم دەپرسم: بۆچی لای ئێمە هیچ نەقابەیەک یان پارتێک یان سەندیکایەک نیە کە ئاگای لە کۆست و چەرمەسەریی ئێمە هەبێ ؟ (بە هەناسە ساردییەوە) پێیان وتم: " هیچ کرێکارێک لە کاتی پەڕینی پەنجەیدا پارەی وەرنەگرتووە تا تۆ وەریبگری".

سەربازی دووەم: گوێ مەدەرێ، برادەر. خۆ تۆ پاش ئەوە پەکت نەکەوت. ژنت هێناوە ؟

سەربازی یەکەم: بەڵێ. بۆ نەگبەتیم دوو منداڵیشم هەیە. یەکێکیان پێرار لەگەڵ خاڵی بەر قەسفێکی بەنزینخانەیەک کەوت. منداڵەکەم چاک بۆوە و خاڵەکەی گیانی سپارد. خۆ خاڵەکەیشی برینەکەی هێندە سەخت نەبوو، دەکرا نەهێڵین بمرێ. بەڵام یانی چی ؟ ئەوساتیش هەر بێهوودە بوو.

سەربازی دووەم: چی بێهوودە بوو ؟

سەربازی یەکەم: ئەگەر چاکیش بووبایەتەوە.

سەربازی دووەم: کێ ؟

سەربازی یەکەم: خاڵی کوڕەکەم.

سەربازی دووەم: بۆچی بێهوودە بوو ؟

سەربازی یەکەم: چونکە دیسانەوە بۆ مردنێکی دیکە ساغ دەکرایەوە: بۆ جەنگ؛ دەبووایە وەک ئێمە بێتە ئەم جەنگە نەفرەتلێکراوە. بەڵێ، ئەو بۆ خۆی مرد و ئەم ئەشکەنجەیەی ئێمەی نەدیت. ئەم بەختەوەر بوو کە بە پارچە زەوییەک راگەیشت و تیاي نێژرا. دەزانی: لە شاری ئێمە، ئێستا، خەڵکی وا هەن تەنانەت گۆڕیشیان دەست ناکەوێ کە مردووەکانیان تیا بنێژن ؟ زۆربەی دەوڵەمەندەکان بەم دواییە خەریکی ئەوە بوون عەردیان بۆ گۆڕی خۆیان دەکڕی. ئەوە سەیری چی دەکەی ؟

سەربازی دووەم: (چاوی بە ماتەمینییەکی قووڵەوە بڕیوەتە ئاسمان) ساماڵێکی چەند خەمناک و جوانە !

سەربازی یەکەم: (سەرهەڵدەبڕێ و سەیری ئاسمان دەکا.پێکەوە رووەو ئاسمان رادەمێنن) سەیرە برادەر، بەڵام هیچ ئەستێرەیەک دیار نیە !

سـەربازی دووەم: ئەستـێـرەش هەمـوویان دارژاون. ئاهـ برادەر، دەبینی: ئەستـێـرەکانیش چەنێک بەزەییـان بە حاڵی مرۆڤی ئێرەدا دێتەوە.

سەربازی یەکەم: دەڵێن " لەگەڵ کۆچکردنی هەر مرۆڤێک ئەستێرەیەک دادەڕژێ". ئەمە راستە؟

سـەربازی دووەم: ئەگەر ئەمە راست بووایە، دەبوو ئێستا ئاسمان سەرتاپای بووبایەتە تنۆکە فرمێسکێک و داباریبا (بەسەرسامییەوە چاو دەگێڕێ) ئەستێرەیەک نیە بجریوێنێ ! مـەلێک، باڵندەیەک نیـە بخـوێنێ ! ئێـرە دنیـایەکی چەند خامۆش و ترسناک و پڕ غەمگینییە ! دەزانی برادەر: من لەم دیمەنە تاریک و سامناکانەشدا جوانیـیـەکی نامـۆ دەبینم. لەراستیدا، دیمەنە ترسناکەکانیش جوانییەکی تایبەتییان هەیە، دەزانی ؟ تۆ سـەیرکـە (چاوی بڕیوەتە مـانگ) تەنانەت مـانگیش.. چەند کـز و کـەسـاسـە ! بۆ وا بەزەردی دەدرەوشێتەوە ؟

سـەربازی یەکـەم: (ماوەیەکە بە قسەکانی برادەرەکەی حەپەساوە و سەیری مانگ دەکا) برادەر، لەوانەیە ئێستا، لەم شەوە ناوەختەدا، تەنیا من و تۆ بین سەیری مانگ بکەین.

سـەربـازی دووەم: بەڵێ برادەر، خەڵکی شار ئێستا، هیچ یەکێکیان ئەو برین و کەساسییەی مانگ نابینن. ئەوان ئێستا لە شیرین خەودان.

سـەربازی یەکـەم: ئەرێ ئەوە چیـە ؟ (بەحـەپەسـاوییـەوە سەیری شتێک دەکا کە لە ناوەڕاستی شانۆدا کەوتووە) ئەو دەمانچەیە هی تۆیە لەوێ کەوتووە ؟

سـەربازی دووەم: (ئاوڕ بۆ شوێنی دەمانچەکە دەداتەوە) هی من ؟ نەخێر. من هیچ دەمانچەیەکم پێ نەبوو (دەچێتە

پێشەوە و سەیری دەکا) دەمانچە نیە.

سەربازی یەکەم: ئەی ؟

سەربازی دووەم: یەدەگە (هەڵی گرتۆتەوە و لێی راماوە).

سەربازی یەکەم: لەوانەیە لە جەنگاوەرێک بەجێ مابێ ؟

سـەربازی دووەم: بەڵێ. سەیرکە: ئەو هەمـوو ژەنگەی هەڵی هێناوە ! لەوە دەچێ کە بارانـاوی رۆژگارێکی زۆری بەسـەردا ڕژابێ !

سەربازی یەکەم: دیارە پێش من و تۆش هی دیکە هەبوونە کە ئەم ڕێگەیان پەی کردبێ ؟

سـەربـازی دووەم: لەوانەشـە هی قـاچاغـچـیـان بێت. قـاچاغـچی نەبێ، هیچ کـەسـێکی دیکە پەی بەم شـوێنە لاتەریکەی ئێمـە نابا (یەدەگەکـە هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکات و لێی ورد دەبێـتـەوە) ئاخ برادەر، خۆزگـە دەتزانی ئەم یەدەگـە چیم بیـر دێنێـتـەوە ! (خـۆشی و زەردەخـەنەیەک سـەری پێ هەڵدەبڕێ. بەدەم هەنگاونانی لەسـەرخـۆوە، بە خـەمبـاری و خـەیاڵاویـیـەوە) بیـرمـە منداڵ بووم، تەمـەنم حـەوت هەشت ساڵێک دەبوو. باوکم بەردەوام لەم جۆرە یەدەگ و چەکـانەی دەهێنایەوە مـاڵ. بـاوکم لە تـەنیـشت خـۆی دادەنام و منیش کونجکۆلانە سەرنجی دەست و پەنجەکانیم دەدا. خۆزگەم هەر بەو سـات ! مـن هەر لە منـاڵیـیـەوە، فـێـری بەکـارهێنان و چاککردنەوەی هەمـوو جۆرە چەکـەکان ببووم، ناوی گشـتـیـانم یەک یـەک دەزانی. هێند پەرۆش و هۆگـریان بووم، تەنانەت گەمـەکانیـشم هەر لەگەڵ ئەم چەکانە بوو. ئاخ، برادەر، بەڵام ئێـسـتـا ئەم جـەنگە هەمـوو چەکـێکی لەپێش چاو خـستم؛ تەنانەت وای لێکردم بێـز لە بـاوکیـشم بکەمـەوە کـە هێند بایەخی بە چەک و تـەقـەمـەنی دەدا. مـن تەنیـا ئێـسـتـا لە

هەقیقەتی چەک و مەرگەساتی چەک تێدەگەم. بەڵام خۆ، ـ من ئەوساش هەر... سەیرە ! لەوە دەچێ کە مرۆڤ هەر لەو ساتەوەی لەدایک دەبێ، سروشتی خۆی لەگەڵ خۆیدا هەڵگرتبێ. بەڵێ. من ئەوساش قەت نەمدەتوانی خۆم لە بەر دیمەنی سەمای مەرگی تەنانەت سوێسکەیەکیش رابگرم. بەزەییم بەو کەوانەدا دەهاتەوە کە لەگەڵ باوکم بە ساچمە دەمانکوشتن. پێم ناخۆش بوو ئاسکێک ببینم لە گیانەڵادا. باوکم پێی دەگوتم: " تۆ منداڵێکی ترسنۆکی، کە گەورە دەبیت زەلامێکی بەدبەخت و ناتەواوت لێ دەردەچێ !". بەڵێ، هەر واش بوو: کە وردە وردە هەراشتر بووم، خۆم لێی دەدزیەوە و نەدەچوومە راوە سوێسکە و ئاسکەکانی. دەچووم لەگەڵ منداڵە شڕۆڵەکانی گەڕەک، لە ئاقارەکاندا بەدووای سەگ و کەرە پشت گوڕووەکاندا دەکەوتین، یانیش دەچووین لەسەر گوفەک و لە پشت حەسارە گەورەکاندا وازیمان دەکرد، گوجیلەی ناو نۆینی حەمامەکانمان دەردەهێنا. ئاهـ چەندم خۆش دەویستن، چەندم کەیف پێ دەهاتن ! چاوشارکێ و حەفت پاتریانێ و قەرەتۆپ و یەکتر راوەدوونانی ناوکۆڵانە رەشەکانی گەڕەکی خانەقا، پرتەقاڵ دزینی گەڕەکی ناوقەسران.. هەموو شتێک، هەموو شتێکی ئەم ژیان و ئەم دنیا پاک و جوانەی منداڵیم چەند خۆش دەویست ؟ ئاهـ ، منداڵی، منداڵیی کۆن و بەهەدەرچووم، ژیانم تێتدا چەند خۆش دەویست ؟ ئەوەیە: ئاخر ئێمە، ئێمەی منداڵانی ناو گەڕەکە رەش و خانووە قوڕینەکان، کاتێ گەورە دەبین، هیچ شتێک نیە بە ژیانمان ببەستێتەوە: جگە لەو خۆشەویستییە کۆنەی کە لە سەردەمی منداڵییەوە بەرامبەر ژیان پێی راهاتبووین؛ تەنیا خۆشەویستیی راهاتووی سەردەمی

منداڵیمانە کە به ژیانی بێ مانا و ناخۆشی سەردەمی گەورەییمان دەبەستێتەوە (لە بەر خۆیەوە، وەک وڕێنە بکا) ئەگینا من، تێناگەم: چۆن بەم هەموو دەردەسەری و مەرگەساتەوە هەر ماوم و هیوام بە ژیان هەر ماویشە؟ چۆن! ئەو ژیانە بێزەوەر و پڕ حەسرەتەی من تێدا ژیام، ژیانێکی وا نەبوو کە هیچ هیوا و خۆشەویستییێکم بەرامبەر ژیان پێ بهێڵێتەوە. برادەر، من هەر لەدووای نەمانی باوکم ئیتر ژیانم لێ بوو بە دۆزەخ. وا بزانم ئەو کات تەمەنم پانزە ساڵێک دەبوو. کە باوکم مرد، نەمهێشت چوار خوشک و براکەم، تەنیا دایکم بە کۆڵکەری و نانکەری بەخێویان بکا: چووم ماوەیەکی زۆر کرێکاریم کرد، بۆیەچێتیم کرد، لە گازینۆ و چێشتخانەکاندا بووم بە شاگرد.. هەزاران جەربەزەیی و نوگمەساری و دەرد... ئەمانە هەمووی لەپێناو کێ ؟ لەپێناو کێ برادەر ؟ لەپێناو دایکم، لەپێناو خوشک و براکانم؛ لەپێناو ئەو چەند مرۆڤە خۆشەویستەی کە ـ دووای ئەوەی بەخێوم کردن و گەورەم کردن ـ ، ئێستا تەنانەت هیچ ناونیشان و هەواڵێکیشیان نازانم ! کامەران نەبێ کە توانیی لەم وێرانەیە رزگاری بێت و بۆ خۆی بگاتە هەندەران. لە سوێدەوە نامەیەکی بۆم ناردبوو، نووسیبووی " لێرە ژیان گەلێک خۆشە. گەر حەزدەکەی خۆشت و مناڵەکانیشت وەرن". بەڵام ئاهـ ، کامەران.. بەچی ؟ چۆن ؟ خۆ پاش تۆ، یەکسەر، هەرچی سەر سنووری وڵات هەبوون، گشتی بە چەقۆ و سەگ و پۆلیس تەنران؛ تەنانەت بواری پەپولەش نەما رزگاری ببێ ! تەنیا دەوڵەمەند و پارەدارەکان دەیانتوانی ئەم وێرانە کاولبووە جێ بهێڵن (وێستانێکی کەم) ئاهـ ئەفسووس، ژیانی من بۆچی بەم ئەنجامە تاڵە گەیشت ؟ خۆ

بەس تەنها ساڵێک بوو کە بەرگی سەربازیم داکەندبوو، دووبارە جلی سەربازییان کردەوە بەرم .. ئاخ .. من خەفەتم بۆ تۆیە غەریبە ، ئەی ژنە چاک و کەساسەکەم ! ئەو رۆژەی کە ناوم هات و جلە سەربازییەکەیان لەبەرکردم، رۆژێکی چەند تاڵ و پڕ پرسە بوو بۆ تۆ؛ رۆژێکی چەند پڕ خەم و پڕ گریان و پڕ حەسرەت بوو ! ئاخۆ ئێستا تۆ بەم نیوەشەوە چی دەکەی غەریبە؟ لەوانەیە خەوتبیت و ئێستە خەونم پێوە ببینی! ئاهـ غەریبە.. ! ئاخۆ لەدووای ئەم هەموو مانگە بێ من چیت بەسەر هاتووە ؟ ئایا ئێستا چیت بەسەر دێ گەر بزانی: منیان یەکسەر لەگەڵ فەوجەکم ـ بە فرمانێکی زۆر کتوپڕ، بە هەلیکۆپتەر ـ راگوێستەوە بۆ سەر سنووری شەڕ ؟ چیت بەسەر دێ گەر بزانی: بە درێژایی ئەو هەموو مانگە ئاو بە لەشم نەکەوتووە؛ هیچ ژەمێکم بە ئاسوودەیی و تێر بە سکی خۆم نەخواردووە ! ئاهـ ، خۆزگە ئێستا بەم تۆپەڵە ریشەوە و بەم دژوێنی و شەکەتییەوە چاوت پێم دەکەوت ! ئاخۆ غەریبە، ئێستا دەزانی کە وام لەم جەنگەڵە سامناکەی سەر سنوور و بێ تۆ و بێ چاوانی ئاڤا خەریکە وا گیان دەدەم ؟ دەزانی ؟ ئاهـ ، غەریبە، من دەزانم: تۆ ئێستا گومان لە لە دوواکەوتن و نەگەڕانەوەم دەکەیت؛ لەوانەشە دڵت ختووورە بکات و بڵێی: " تازە تەواو.. ناگەڕێتەوە". دەزانم: تۆ ئێستا هەمیشە بسک و کەزییەکانت پەشۆکاون. ئێستا ئەو زەردەخەنەیەی کە هەمیشە روومەتی چاڵ دەکردیت و روخسارتی دەدرەوشاندەوە، لە ناختدا کوژاوەتەوە. من دەزانم: تۆ ئێستا زۆر خەمناک و زۆر پرسەداری: ئەو کراسە قاوەییە گوڵڕەنگ ئاڵەی کە من هەمیشە حەزم دەکرد لەبەری کەی، لەبەری ناکەی؛ ئەو دوو چاوە وەک دوو فنجان پڕ

قاوانەی کە من هەمیشە حەزم دەکرد کلڕێژی کەی، کلڕێژی ناکەی. ئێستا هەرگیز وەک جاران بەو گۆرانییە خۆشیبەخشانەی رادیۆکەوە، بەدەم گسکدانی حەوشەکەوە ناکەویتە لەنجە و ناز و سەربادان؛ قەتیش وەک جاران بەدەم تەقەڵی لیفکەچنین و ساواربژارکردنەوە لەگەڵ ژنانی دەرودراوسێ بەو خۆشی و خەندەیەی جارانەوە دانانیشیت قسە و باس بکەن. نەء ، نەخێر، من دەزانم ئەی ژنە چاکە پڕ میهر و خەم و خەفەتبارەکەم ! دەزانم تۆ ئێستا لە ژوورە نووتەکەکەتدا، نێوچەوانت هەمیشە بە پەڕۆکێکی رەش دەبەستی و بە مەلوولییەوە هەڵدەکورمێی: چاو دەبڕیتە ئەو قۆچە ئاسکە هەڵواسراوەی قەد دیوارەکە؛ دەستی دوعا و پاڕانەوە بۆ ئاسمان، بۆ خوا بەرز دەکەیتەوە؛ بەڵکو ئەمە خوایە کە هێزی شەڕ و ناگەهانی لە ماڵەکە وەدوور رابگرێت و .. هاکا مێردەکەشت بگەڕێنێتەوە. ئاهـ ، غەریبە ! تۆ ژنێکی زۆر کەساس و زۆر کڵۆڵ بووی. ئاخۆ ئێستا کێ دەتپارێزێ ؟ کێ ئەو فرمێسکە گەرم و روونانەت لەسەر روومەت دەسڕێتەوە کە من وەختی خۆی، پێش ئەوەی بڕژێن دەمسڕینەوە ؟ کێ ئەو باوەشە نانەت بۆ دێنێتەوە کە من هەموو نیوەڕۆیەک راهاتبووم ـ لەسەر رێگەی گەڕانەوەی خۆم لە دایەرە ـ بۆتی بێنمەوە ؟ کێ لەو شەڕە شەقەی " نەوت وەرگرتن " نەختێ بەزەیی بە رەنجووریی تۆ دێتەوە و تەنەکە نەوتێکت بۆ وەردەگرێ ؟ کێ ؟ کێ ، غەریبە ؟ ئاخۆ غەریبە، ئەو خەونە جوان و رەنگینانەت لەبیر ماون: خەونی گەشتی ئەو هاوینەهەوارانەی کە دامانابوو بیانبینین، ئێستاو ئێستاش نەماندیتن؛ خەونی کڕینی ئەو تەلەفزیۆنەی کە حەزت دەکرد وێنەکانیت بە رەنگاوڕەنگی بەر چاو بکەوێ؛ خەونی

چوونە ناو خانووی نوێ؛ خەونی کڕینی سیسەمی نوێ، مووبەقی نوێ... ئاه غەریبە.. تۆ هەموو جار دەتگوت: " هەر پاش چەندساڵێکی دیکەیە، لەو خانووە رزگارمان دەبێ. ئەوسا تۆ بۆ خۆت ژوورێکی سەربەخۆت دەبێ، هیچ منداڵێک لە خوێندنەوە جاڕست ناکەن". ئاخ غەریبە، کەی ئەو رۆژە شیرینانە بە چاو دەبینین ؟ ئاخۆ ئەو پارەیەی کە سالانێک بوو بەیەکەوە پێکەوەمان نابوو چی بەسەر هاتووە ؟ بێگومان ئێستا هیچی نەماوە. بەڵام قەیناکە؛ من دڵنیام: تۆ لە گەرووی شێریشدا بیت، دەتدۆزمەوە و دەنێرم بە دووات. رۆژێ هەر دادێ هەموومان پێ پەیدا بکرێتەوە و بتوانین بژین. من خەفەت بۆ ئەوە ناخۆم. خەفەتی من بۆ ئازار و بۆ دووریی تۆیە، بۆ ئەو دوو گۆنا شیرینەتە کە دەترسم تا پێک دەگەین حەسرەت و خەم وەک دووگوڵی بێنازکەوتوو بیانژاکێنێ. ئاه ، توخوا غەریبە، عومری شیرینی پێکەوەییمان چەندە کورت بوو (بەدەم قوڵپی گریانەوە) چەندە کورت بوو ، چەن...دە ...کو...ر...ت...

سەربازی یەکەم: (بە مەلوولییەوە لە برادەرەکەی نزیک دەبێتەوە، بە حەسرەتەوە دەستی دڵدانەوە دەنێتە سەر شانی برادەرەکەی، ئەویش لە شوێنی خۆی رادەچڵەکێ) بەسیەتی ! بەسیەتی برادەر ! تۆ بەم قسانە منت زۆر ئازاردا.

سەربازی دووەم: (خاودەبێتەوە) ئاخ برادەر.

سەربازی یەکەم: تۆ زۆر سەیر لەم شتانە دەدوێی. دەڵێی هەر لە هەموو ژیانت قەت باوەشی ژنت نەدیوە.

سەربازی دووەم: راست دەکەی برادەر. من لە هەموو ژیانمدا قەت هێندە لە خۆشەویستی و باوەشی ژن نەدوواوم، هەرگیز. من خۆشم سەیرم پێ دێت. من ئێستا ئەم شتانە وا دەبینم کە

دەڵێی یەکەم جارە لە ژیانمدا هەستیان پێدەکەم، دەڵێی یەکەم جارە حەوجەیانم. ئاه خوایەکا ، مرۆڤ لە ساتەکانی ئەشکەنجەیی و شکستیدا چەند ناسکتر دەبێتەوە، چەند پەرۆش و ئاتاجی دەستەکانی غەیری خۆی دەبێ ! (وێستانێکی کەم) ئەوەیە برادەر، مرۆڤ لەم دنیا پڕ مەرگەسات و چەرمەسەرییەدا گەر هەموو کەسێک و هەموو شتێکیشی لەدەست بچێ، بەڵام بەس بەوەی ئەگەر ئافرەتێکی لەپشتدا بێ: قەت وەڕس نابێ و قەتیش نووچ نادا. ئەو ئافرەتە زۆری بۆ من کرد. گەلێک خەم و ماتەمینیی سەخت و کوشندەی لەبیر بردمەوە: ماتەمینیی برین و برسێتیی رۆژانی رەشی منداڵی و گەنجیم؛ ماتەمنیی ئەو رۆژگارەی کە نەک تەنیا من.. برادەران و سەرازایان گشت.. لە داخ حەسرەتی کۆستێکی گەورە و رەش و نەگبەتدا خۆیان تێکدەشکاند و لە قەهراندا تفیان لە خەبات و تێکۆشان و کوردستان دەکرد؛ ماتەمینیی ئەو ئازیز و هاوڕێ و مەردانەی کە هەڵواسران یانیش یەک بە یەک راوەدوونران، ئێستا نادیار، بێ سەروشوێن، لە وڵاتان کەوتوون؛ ماتەمینیی ئەو سێ مانگەی بێ هیچ بەڵگەیەک وەک سەگ خرامە نێو زیندانێکی تاریکەوە و ئەنجن ئەنجن کرام.. زۆر خەمی تر، بەم مرۆڤە دڵ پڕ میهر و گەورەیە نەبووایە لە دڵی مندا سووکتر نەدەبوون. تەنانەت ئێستاش، من متمانەم لەم دنیا بێ قەول و قەرارەدا بە هیچ شتێک نەماوە: تەنها بە سۆز و میهری ژن نەبێ. مەزنترین کات و مەزنترین بڕوا، مەزنترین داڵدە: ئامێزێکە کە سەری کاسم بگرێتە خۆی، سەری کاس و پڕ مەینەتیی ئەم هەموو ساڵەم. برادەرگیان.. راستییەکەی: خۆ من ئەگەرچی (دەنگی دەسرێژ بەرزدەبێتەوە و قسەکەی

پێ دەبڕێ. هەر دووکیان دەشڵەژێن: خۆیان لەپەنای گابەردێکدا حەشاردەدەن: بێدەنگ. تەقە تۆقێنەرەکان بەردەوامن).

سەربازی دووەم: (بەئەسپایی و بەحەپەسانەوە، وردە وردە ملی لە پەنا گابەردەکەوە بەرزدەکاتەوە و دەیەوێ هەڵسێتەوە و چاو بە شوێنی تەقەکاندا بگێڕێ).

سەربازی یەکەم: (بەپەلە رایدەکێشێتەوە سەر زەوی) دەتەوێ چی بکەی، بەدبەخت ! سەرت نەوی بکە، زوو ! (دایدەهێنێتە خوارەوە و پێکەوە لە پەنا گابەردەکە لەسەر سک رادەکشێن تا ئەو کاتەی تەقەکە ئەهوەن دەبێتەوە، پاشان بەبێدەنگی و ترسەوە هێور هێور هەڵدەسنەوە) دەزانی برادەر، دەبوایە ئێمە بەرێ بکەوتینایە و ئێرەمان بەجێ هێشتایە ! (لەبەر خۆیەوە) بەڵام سەیرە خۆ دنیا جارێ هێشتا تاریکە، زەردەیەکیش چیە بە دەرەوە نیە ! (نەختێک بێدەنگی) ئەمە سێیەمین هێرشە کە هێزەکانی ئێوە لە ماوەی ئەم هەشت مانگەدا دەیکەنە سەر ناوچەکانی ئێمە.

سەربازی دووەم: بەڵام خۆ جارێ کاتی دیاریکراوی هێرشەکە ماوەتی ؟

سەربازی یەکەم: (لەگەڵ خۆیدا) بڵێم چی !

سەربازی دووەم: زۆریش لێمانەوە دوور نەبوو !

سەربازی یەکەم: لەوانەیە دەنگی تەقەی ناوچەی دیکە بووبن.

سەربازی دووەم: هەر چۆنێ بێ، بڕواناکەم هی ئەو هێرشە تازەیە بن کە خۆیان بۆ ئامادەکردووە.

سەربازی یەکەم: تۆ بڵێی وا زوو دەست پێ بکەنەوە ؟

سەربازی دووەم: گەر دەست پێ بکەنەوە یان نا، گرنگ:

من و تۆ پێش سەعات شەش هیچ یەکێکمان نابێ لێرە بمێنین.

سەربازی یەکەم: چما سەعات شەش هێرش دەهێنن؟

سەربازی دووەم: بەڵێ.

سەربازی یەکەم: بە ئێمەیان وت کە دەبێ هەر لە کاتژمێر چوارەوە خۆمان ئامادە بکەین !

سەربازی دووەم: سەعات چەندە ؟ سەعاتت پێیە ؟

سەربازی یەکەم: پێم بوو، لە ئیجازەی پێشوومدا لە ماڵەوەم بەجێهێشت.

سەربازی دووەم: بڕوا ناکەم سەعات لە دووی تێپەڕ کردبێ.

سەربازی یەکەم: کە سەربازێک دەکوژرا، یەکسەر پەلاماریان دەدایە، سەعات و ئەنگوستیلەکەیان لە دەست دادەپچڕین و بۆ خۆیان گل دەدایەوە.

سەربازی دووەم: بێ نمەک و بەدفەڕ !

سەربازی یەکەم: بە من: چاکیان دەکرد.

سەربازی دووەم: چۆن ؟

سەربازی یەکەم: (بەبێهوودەییەوە) ئەم سەعات و ئەنگوستیلانە بۆ ئەم هاوڕێ سەربازانەیان بووایە باشتر بوو.

سەربازی دووەم: بۆ ؟

سەربازی یەکەم: چونکە ئەگەر ئەمانیش نەیانبردایە عەریف و ئەفسەرە گەورەکان پاشتر هەمان کاریان دەکرد. ئەم بێ ئینسافانە، دووای هەر هێرشێک، یەک یەک بەسەر لاشەی سەربازەکاندا دەگەڕان.

سەربازی دووەم: بە راست برادەر پارەت چەند پێیە؟

سەربازی یەکەم: بۆ چیتە ؟

سەربازی دووەم: زوڵمە ئەو پارەیەی پێمانە بە خەسار بچێ.

سەربازی یەکەم: بیگۆڕینەوە ؟

سەربازی دووەم: بۆ نا ؟

سەربازی یەکەم: (دەست دەنێ بە باخەڵی خۆیدا) تۆ چەندت پێیە ؟

سەربازی دووەم: (دەست لە باخەڵی دێنێتە دەر و هەندێ پارەی کاغەزی دەداتێ) هەر چەندێک بێ، لەوانەیە هەر لەسەر ڕێگە پێویستییەکت پڕبکاتەوە.

سەربازی یەکەم: (هەندێ پارەی دەرهێناوە و دەیخاتە دەست برادەرەکەی، بەڵام چاوەکانی ئەبڵەق بە خەمناکییەوە بڕیوەتە رەسمی ژنێک لەناو دەستی خۆیدا. وەک ئەوەی هەنسک بدا).

سەربازی دووەم: ئەوە چیتە برادەر، دەم و چاوت لەبەرچی وا سوورهەڵگەڕا ؟ چیتە ؟

سەربازی یەکەم: (سەری هەنسکدان بە قوڵپی گریانەوە بەرزدەکاتەوە)

سەربازی دووەم: ئەوە بۆچی دەگری برادەر ؟ (ملی لاردەکاتەوە و سەیری رەسمەکەی ناو دەستی برادەرەکەی دەکا) ئەمە رەسمی ژنەکەتە ؟

سەربازی یەکەم: (وەک بخنکێ) بەڵێ، ئا.

سەربازی دووەم: مەگری، برادەر !

سەربازی یەکەم: ئاه ، برادەر (بە غەمگینییەوە) من بۆ هیچ ناگریم. لەدەست بێ ویژدانیی خۆم دەگریم (وەک ئەوەی لەگەڵ خۆیدا قسەبکا) لەم ئیجازەیەی دووایییمدا، لە حەژمەت قەهری خۆمدا دیسانەوە چەندین قسەی ناشیرینم

پێی گوت. بەس لەسەر ئەوەی کە بێ من چووبوو بڕێک پارەی لە قۆنتەراتچییەکی دراوسێمان وەرگرتبوو. ئاخر، من دەزانم: ئەو کابرایە چ ناکەسبەچە و بەدڕەفتارێکە ! بووە شەڕمان : قسەی ناشیرین نەما پێی نەڵێم. سەرباری ئەمەش ئەڵقەی پەنجەم داکەند و فڕێمدایە بەردەمی، پێمگوت: " ئیتر من دەڕۆم، نامبینیتەوە؛ تۆ بۆ خۆت مێردێکی دیکە بکەوە!". جەنتام بە شانمەوە کرد و رووی ئەم دۆزەخی جەنگەم گرتەبەر (وێستانێکی کەم) نەفرەتی لێ بێ ! بە درێژایی ئەو هەموو ماوەیە گوللەیەکم بەر دڵ نەکەوت و رزگارم ببێ: لەدەست خۆشم و لەدەست ئەویش.

سەربازی دووەم: چۆن دڵت هات پێتگوت: " مێردێکی دیکە بکەوە " ؟

سەربازی یەکەم: با !

سەربازی دووەم: ئەی ئەو گوتی چی ؟

سەربازی یەکەم: (بەگریانەوە) نازانم وتی چی ؟ بەڵام دەیناسم. دەزانم ئەم بەدبەختە لە چ توخمێکە ! زوڵمە ! زوڵمە، برادەر !

سەربازی دووەم: نا، باوەڕ بکە ! دڵی ژن وەکو دڵی پیاو نیە. دڵنیابە: دایکی دوو منداڵ چۆن مێردی دیکە دەکاتەوە؟

سەربازی یەکەم: زوڵمە برادەر، ئەمە جێی داخە.

سەربازی دووەم: چی ؟

سەربازی یەکەم: (بە بێزارییەوە) گەر شوونەکاتەوە. بۆ شوونەکاتەوە ؟ تازە دووای چی ؟

سەربازی دووەم: (بەسەرسوڕماوییەوە) من زۆر سەیرم بە تۆ دێت ! (وێستانێکی کەم) تەنانەت ئەو پیاوانەی کە بڕواشیان بە ژن و خۆشەویستیی ژن نیە، لە وەختی جەنگ و

نوشستیدا زۆر پەرۆش و حەوجەی ژن دەبن: کەچی تۆ ئەم ئافرەتە لەگەڵیشیدا ژیاویت، تۆ چۆن ویژدانت ڕێگەت دەداتێ ئەمە بڵێی !

سەربازی یەکەم: (ماوەیەک لەتاو حەژمەت و بێزاریی خۆیدا قسەی بۆ ناکرێ)

سەربازی دووەم: تۆ چۆن بۆت دەکرێ ئەو هەموو یادگارە شیرینانەی خۆت لەگەڵیدا بیربچێتەوە ؟

سەربازی یەکەم: گوناهە. گوناهە، برادەر. من ئێستا خۆم چاک دەناسم. من ئێستا هەمان ئەو مرۆڤەی جاران نەماوم کە پێش دوو ساڵ لەگەڵ ماڵ و منداڵەکانم دەژیام، هەروا ئەوەش نیم کە ئەوان چاوەڕێم دەکەن. تۆ دەمبینی: دێم و دەچم و قسەدەکەم، بەڵام کە سەیری خۆم دەکەم و بیر لە ژیانی رابردوو و ئێستای خۆم دەکەمەوە، بێز لە خۆم دەکەمەوە. برادەر، من لە خۆم دەپرسم: ئاخۆ چارەنووسم، بەم هەموو دەرد و مەرگەساتەوە، لە ناو ئەم ژیانە جەنجاڵ و نالەبارەدا بەرەو کوێ دەڕوا، بە چی دەگا ؟ (وێستانێک. هەناسەی حەسرەت و بێهوودەیی هەڵدەکێشێ) ئاهـ برادەر، من تا یەکەم ساڵی جەنگیش بڕوام بەوە هەر مابوو کە ئەگەر جەنگ تەواو ببێ، ئەوا بە ئاسوودەییەوە دەگەڕێمەوە و لەگەڵ ژن و منداڵەکانمدا دەژیمەوە؛ بەڵام ئێستا، راستییەکەی، هیچ لەحزەیەک بە تەمای خۆم نیم، من هیچ ساتێک هەست ناکەم خۆم بم... ئەو مرۆڤە هێمن و ئاساییەی جاران. من ئێستا هیچ مانایەکی مرۆڤایەتی لە بوونی خۆمدا بەدی ناکەم. زوڵمیش لەو ژن و منداڵانە دەکەم ئەگەر ڕێگە بە خۆم بدەم جارێکی دیکە لەگەڵیاندا بژیمەوە. ئەوەتا من ئێستا پێش ئەوەی کە بگەڕێمەوە و خانەوادەکەم ببینمەوە، لەبەرچاومە:

ژنەکەم، منداڵەکانم، تەنانەت گشت دۆست و کەسوکارێکی دیکەشم.. دەیانبینم کە چۆن ژیانیان لێ تاڵ دەکەم و چۆنیش لە نێوان بەرداشی دەردەکانی خۆمدا دەیانپلیشێنمەوە؛ دەبینم برادەر (یەکسەر بە تووڕەییەوە) تەواو ! تەواو، برادەر ! من شایستەی ئەوە نیم کە چیتر لەگەڵ خێزان و کەسوکاری خۆمدا بژیمەوە. شایستەی ئەوە نیم ! با سزای گوناهەکانی خۆم تەنیا خۆم بیانچێژم؛ با بەس تەنیا خۆم دەربەدەر ببم.

سەربازی دووەم: تۆ بۆچی بەم شێوەیە بیردەکەیتەوە، برادەر؟ (وێستانێکی کەم) من تا ئەم ساتەش وامدەزانی کە تۆ ژیانت خۆش دەوێت و دڵم زۆر بەو تروسکە ئومێدە خۆش بوو کە لە چاوە غەمگینەکانتەوە بەدیم دەکرد. چیە، ئێستا تۆ لەوە دەچێ کە بەتەما نەبیت ئەستێرەی هیچ هیوایەک لە ئاسمانی ژیانتا هەڵبێتەوە ؟

سەربازی یەکەم: برادەر، من هەست دەکەم خۆم هەڵدەخەڵەتێنم ئەگەر بەتەمای هیچ ئومێدێک بم. (وێستانێکی کەم) من دەترسم. من زۆر دەترسم، برادەر.

سەربازی دووەم: لە چی ؟

سەربازی یەکەم: لە هەموو شتێک، لە خۆم. تۆ سەیری چاوەکانم بکە: من لە ناو ئەو چاوانەی خۆمدا وەک گورگێکی برسی و پێکراو وام. من لەو گورگە برسی و پێکراوەی ناخی خۆم دەترسم، لەو ساتە فیگاری و نەفرەتلێکراوانەم دەترسم کە ئێستا تەنانەت خۆشم بێزیان لێ دەکەمەوە. ئاخر، تۆ (بە دەنگێکی زەبوونەوە) ئەگەر لەو ساتە ترسناکانەدا بمبینی، تەمای چیت بە ژیان و داهاتووی من دەمێنێ ؟ نازانم. زۆر سەیرە! من لەو ساتە سامناکانەی کە دەمگرێ، لە سەرەتادا سەرسووڕانێکی سەخت دامدەگرێ،

پاشان تایەکی قورس و بەتین جەستەم داگیردەکات و سەرتاپای لەشم ئارەقەیەکی گەرم دەردەکات؛ دەمارەکانی شان و ملم وەک چەند مارێکی ساتی گیانەلاێ گرژدەبنەوە و ڕەپ رادەوەستن؛ چاوەکانم سوور، دەم و لێوم مۆر هەڵدەگەڕێن. ئاخ برادەر، من تەنیا خۆم دەزانم ئەم دەردە کوشندەیەم چیم بەسەر دێنێ ! لەو ساتانەدا وا هەست دەکەم کە هەر چی مرۆڤی سەر زەوی هەن بوونەتە گورگ و ددانیان لێم جیڕ کردۆتەوە و دەیانەوێ پارچەپارچەم بکەن، منیش لە حڕس و حەژمەتی خۆمدا، گیانم وەک بوڕکانێک خەریک دەبێ بتەقێتەوە. هەر دوو چنگم وەک دوو چنگاڵی ئاسن لە هەر شتێکی بەر دەستم بکەوێ گیردەکەم و دەیانهەنجنم. ئاخ، برادەر.. ئێستا لەبەرچاومە کە دەڵێن '' چۆن لەو ساتانەدا ددانم لە خەڵک جیڕدەکەمەوە و پێیان هەڵدەشاخێم و چنگی وەک چنگاڵم لە گەروویان گیردەکەم''.

سەربازی دووەم: تۆ نەخۆشیی فێت هەیە !

سەربازی یەکەم: برادەر (دەگری) ئەمە حەیفە. حەیفە کەسێکی وەک من سپێدەیەک لە خەو هەڵبستێتەوە و بە چاوێکی سوورەوەبووی پڕ لە خوێنەوە پەلاماری منداڵەکەی خۆی بدات و بیەوێ بیخنکێنێ ! حەیفە برادەر ! ئاخر من ئەم شتانەی کە پێم وتی، لەم ئیجازەیەی دوواییمدا لە ماڵەوەدا، لەگەڵ ژن و منداڵەکانمدا بەسەرم هاتن. لە گەرمەی خەودا یان لەسەر نانخواردن، لەناکاو، ڕەپێ دەبوومەوە و بەلەز پەلامارم دەدانێ و چنگم لە قوڕگیان گیردەکرد. من لەو ساتە سامناک و بەدفەڕانەی خۆم زۆر دەترسم. ئاخر ئەمە مەرگەساتە کە تۆ قاچت لە ماڵی خۆتدا بیت و سەریشت لە مەیدانی جەنگدا ! لەمە نەگبەتی تر لە دنیادا نابێتەوە

(وێستانێکی کەم، بە وەڕسییەکی پڕ لە ماندوویەوە) من لەم ئیجازەیەی دوواییمدا هەستم دەکرد کە ماڵەوەم بەتەواوەتی هەراسان کردووە. من لە ماڵەوەدا هەمیشە ئەو ژنە بەستەزمانەم لەو گورگە پێکراوەی ناخم ئاگادار دەکردەوە. برادەر تۆش... تۆش ئێستا، لەم چەند ساتەی کە لای یەکترین ـ من قەت لە خۆم دڵنیا نیم ـ ؛ دەبێ ئاگادار بیت لێم ! دەبێ ئاگادار بی؛ نەوەک لەپڕ بتکوژم ! (چاکەتەکەی خۆی رادەپسکێنێ و بە ئازاردانەوە) ئاخ، برادەر! من ئێستا چ رووزەردییەک لە ناخەوە دەمهەنجنێ کە ئەم قسەیە دەکەم (بە تووڕەیی و هەم گریانەوە) ئەمە هەقیقەتی منە، برادەر؛ من دڕندەم. من دڕندەم. (بە کزی و کلۆڵییەوە) من زۆر زەبوونم. من زۆر زەبوونم. (دەگری) من شایستەی ئەوە نیم کە پێم بڵێن'' مرۆڤ''.

سەربازی دووەم: نەخێر. نەخێر، برادەر. (وێستانێکی کەم. پیش دەخواتەوە) خۆ نەک تەنیا تۆ، هەموو سەربازێکی ئەم جەنگە، تاکو چوار پێنج ساڵی دیکەش دەبێ هەمیشە ئاگاداری ئەوەی تەنیشت خۆی بکاتەوە ! بڕوا بکە: من مەبەستم ئەوە نیە کە دڵت بدەمەوە. ئێمە هەموومان لەمەودووا هەمیشە دەبێ ئاگادار بین لەیەکتری ! من بە قسەی مرۆڤێکی دڵپاکی وەک تۆ قەت سەغڵەت نابم. هەڵسە، مەگری، برادەر ! من دڵنیام هێندە نابا کە بە ژن و منداڵەکانی خۆت شاد دەبیتەوە و ئەو ساتە...

سەربازی یەکەم: (ناهێڵێ قسەکەی تەواوبکات، بە وەڕسییەوە) بێهوودەیە. بێهوودەیە...

سەربازی دووەم: چی ؟

سەربازی یەکەم: هەموو شتێک. هەموو شتێک. تازە

تەواو؛ ئیتر وەرزی دڵنیایی و خۆشەویستی و مرۆڤایەتی بەسەرچوو. بەسەرچوو، برادەر ! تازە ئیتر هەموو شتێک تا هەتایە و بۆ هەمیشە تەنیا بۆنی خوێن و دەردیان لێ دێ. تازە ئیتر ئەو روومەت و لێوانەی ماچمان دەکردن تامیان لە تامی ئەو شەپڵە قوڕە زیاتر نابێ کە لەژێر تایەی دەبابەیەکەوە دەردەپەڕین و بە دەممانەوە دەنووسان، ئەو خەونانەی دەماندیتن وەک ئەو خەونە رەش و پڕ نەگبەتیانە دەبن کە لەژێر باڵی شەوی کوشتاردا دەماندیتن. ئەوەتا: من ئێستا پێش ئەوەی کە بگەڕێمەوە شارەکەم، دەبینم: کەسوکارم، خزمەکانم، دۆستەکانم، هەروەها گشت خەڵکی شار... لەجیاتی پێشوازی کردن، لەجیاتی ماچ و باوەشکردن، تفی شەرمەزاریم بە روودا دەدەن. هەرگیز لە گوناهی ئەم چەندین ساڵی مرۆڤ کوشتنەم نابوورن. ئەوان، کاتێ دەگەڕێنەوە، گاڵتە بەو کۆششە بێهوودەیەی پڕ لە رەنجی جارانمان دەکەن. ئاسمانیش کە جاران جێی دڵنیایی بوو، ئیتر لەمەودووا هەر تەڵخی و غەوبار و هەر غەزەب دەبێ. تازە تەواو، ئیتر ئێمە ژیانمان تەنیا دەرد و مەرگەساتی و ماتەم دەبێ.

سەربازی دووەم: توخوا بەسە، برادەرگیان. تۆ قەت لە من خەمناکتر نیت. تکا دەکەم با بەس بێ ! با بۆ چەند ساتێک خەم و خوێن و مەینەتییەکان لەبیر خۆمان ببەینەوە. با بۆ چەند ساتێک، گەرچی کەمیش بێ، ئەوە لە بیر خۆمان ببەینەوە کە لە جەنگدا بووین.

سەربازی یەکەم: (بە رقەوە) ئەم جەنگ نەفرەتلێکراوە ! تف ! (بە تووڕەییەوە تف دەکاتە سەر زەوی) تەنیا تووشی ئەم دەردەی نەکردم، تەنانەت ویژدانیشی لەدەست دام. من قەت پێشبینیی ئەوەم نەدەکرد کە رۆژێ لە رۆژان مرۆڤێک

بکوژم و گوناهێکی هێندە گەورە بخەمە ئەستۆم. من لە رۆژانی پێش جەنگدا هەمیشە، هەموو پێشنوێژان، لەسەر بەرماڵی نوێژ و تاعەت، دەستەودوعا لە خوا دەپاڕامەوە کە لە گوناهە بچووکەکانم ببووری. ئێستا پێم بڵێ، برادەر: گوناهی کوشتاری ئەم چەندین ساڵەم، بە چی، چۆن دەشووریێنەوە ؟ چۆن ؟ ئێستا ئەگەر تەنانەت خوداش لێم ببووری، من بۆ خۆم هەرگیز لە خۆم نابوورم. هەتا دنیا دنیایە، هەر دەبێ بەم دەردەوە بتلێمەوە. ئاخر من چۆن بتوانم باز بەسەر ئەو هەموو گوناهـ و تاوانانەی خۆمدا بدەم ؟ من وا بۆ سێ ساڵی رەبەق دەچێ گورگێک بووم و ئامادە بووم هەرچی مرۆڤێک، هەرچی شتێ کە پێیان گوتبام " لەناوی ببە !" لەناوم دەبرد. دەیان مێردمنداڵ کە هێشتا بۆنی شیری خاویان لە دەم دەهات، دەیان گەنج کە هێشتا هیچ یەکێکیان بۆنی ژنیان نەکردبوو، من هەمووم کوشتن. سەدان مرۆڤی غەمگینی تر، کە تەنیا ئەگەر لە شاری مندا لەدایک بوونایە دەشیا بوونایەتە نزیکترین هاوڕێم. مرۆڤی کەساس و پیرەمێردی بەحورمەت و ریش سپیی ئەوتۆ کە بە باوکم دەشیان... قوڕم بۆ ماڵ و منداڵەکانیان گرتەوە... ئەمانە هەمووی لەپێناوی چی ؟ لەپێناوی کێ، برادەر ؟ (بە رق و نەفرەتەوە) لەپێناو ژنێکی ئیبلیس و چەند منداڵێکی حەڕامزادە، کە نەوەک حکوومەت بیانگرێت و دەربەدەریان بکات یان بیانخاتە بەندیخانەوە ! بەڵێ لەپێناو ئەواندا بوو کە من ئەو هەموو تاوانانەم کرد. سەبارەت بە ئەوان بوو کە من بوومە ئەم دڕندەیە (بە گریانەوە) من پیاوکوژم، برادەر. من دڕندەم. من خوێنڕێژم، من تاوانبارم...

سەربازی دووەم: نەخێر، برادەر. تۆ پیاوکوژ نیت.

سەربازی یەکەم: (بە گریانەوە) چۆن، چۆن برادەر ؟
سەربازی دووەم: نازانم؛ من لە چاوەکانتدا هیچ شتێ بەدی ناکەم کە پێم بڵێ تۆ هیچ کەسێکت کوشتبێ.
سەربازی یەکەم: دەزانم تۆ دڵم دەدەیتەوە، برادەر. بەڵام ئەگەر منت لە سەنگەری جەنگدا بدیبایە، بە تەواوەتی لەم رایەت پەشیمان دەبوویتەوە.
سەربازی دووەم: ئێمە، ژن و منداڵەکانمان لەم گوناهە گەورەیە بێ بەرین. لە گوند و شارەکانی ئێوەدا، چەند ژن و منداڵی بێ تاوان بوون بەژێر کەلاوەی تۆپ و قەسفی فڕۆکەکانی ئێمە ؟ چەندیان ئێستا دەربەدەر، بێ دایک و باوک لە برسێتیدا دەتلێنەوە ؟
سەربازی یەکەم: (بە حەسرەتەوە) ئەم شەو، هەر ئێستا، پاش دەمێکی تر، ژمارەیەکی زۆری دیکەش دەچنە پاڵ ئەمان. ئاخۆ ئەم شەو، لەم هێرشە تازەیەی ئەم شەودا، چەند ماڵی دیکە کاول دەکرێن ؟ چەند خوشک بێ برا، چند منداڵ بێ دایک، چەند باوک بێ منداڵ، چەند ژنی تر بێوەژن، چەند پیاوی تر بێوەمێرد دەکرێن ؟ ئاخ، ئەم شەو شێتی و ئاوارەیی و پرسە و یەخەدادڕانێکی زۆری دیکە بۆ ئەم خەڵکە رادەگەیەندرێت. ئەم مەرگەساتە بۆچی، برادەر ؟ لەپێناوی چی ؟
سەربازی دووەم: منیش تێناگەم ؟ ئەی کەواتە خۆشەویستی، شیعر، شارستانیەت لەپێناو چی ؟ بۆ کێ ؟ دۆزینەوەی میکرۆبەکان لەپێناو چی ؟ سەیرە، برادەر، ئەم گرەوە چۆن دەبردرێتەوە ؟

لەناکاو، دەسرێژێکی تۆقێنەر بەرز دەبێتەوە: دەسرێژێکی

کەمخایەن، بەڵام لە نزیکەوە. هەر دووکیان دەشڵەژێن و تەنگەتاو دەبن.

سەربازی یەکەم: (بە ترسەوە) وا دیارە هێرشەکە خۆیەتی! دەستی پێکرد ! (دەیەوێ خۆی کۆبکاتەوە: بە دووای بێریە و قایشەکەیدا دەگەڕێ) با بەرێ بکەوین، بڕۆین، برادەر ! ئەمەیان زۆر نزیکە. من دڵنیام ئەگەر هی هێرشەکەش نەبێ، ئەوا کاتی هێرشەکە زۆر نزیک بۆتەوە. با بڕۆین، ئەم ناوە جێ بهێڵین ! (تاکە تاکە تەقەی دیکە دەکرێ) با بڕۆین، با لە یەکتری جودابینەوە، برادەر گیان !
سەربازی دووەم: توخوا برادەر گیان، بەڵام پێش ئەوەی یەکتر جێ بهێڵین، تۆ دەبێ هەواڵی من بگەیەنیتە ماڵەوە ! وەرە .. ژمارەی تەلەفۆنی ماڵی پوورزاکەم (باخەڵی خۆی دەپشکنێ) .
سەربازی یەکەم: کەی ئێستا کاتی ئەوەیە ! برادەر گیان کاتی ئەوە نیە، توخوا؛ دەکوژرێی ! با ئێرە جێ بێڵین، زوو!

دەنگی ساروخ و تۆپ و هاوەن بەرزدەبێتەوە. ئەو ناوە هەمووی دەبێتە یەک پارچە رووناکی. هەر دووکیان لە شوێنی خۆیاندا دەشڵەژێن و سەریان لێ تێکدەچێ: هەر یەکەیان خۆی لە سووچێکی جەنگەڵەکەدا حەشاردەدا. دیار نین لە کوێن ! تەنیا دەنگیان دەبیسترێ.
سەربازی دووەم: (بانگی سەربازی یەکەم دەکا) جارێ نەڕۆی، برادەر ! بوەستە ! جارێ نەڕۆی، دەکوژرێی !

تەقەکە هەر بەردەوامە

سەربازی یەکەم: (هاواردەکا) ئەمە هێرشەکەیە، دەستی پێکرد. با بڕۆین، با ئەم ناوە بەجێ بێڵین !

سەربازی دووەم: (هاوار) بەرەو کوێ ؟ ڕێگات لێ تێکدەچێ ! بەرەو کوێ دەڕۆی ؟

سەربازی یەکەم: (هاوار) نازانم ! ئێرە کوێیە ؟ ئێمە لە کوێداین ؟ (لەسەر شانۆدا وەدیاردەکەوێتەوە، وەک شێتێکی هەترەشچوو چاو بە ئاسماندا دەگێڕێ) ئێمە ونین. ئێمە ونین، برادەر ! من نامەوێ لەوە زیاتر لێرەدا بمێنمەوە. تۆ خۆت لە کوێ حەشارداوە ؟

سەربازی دووەم: (هاواردەکا، خۆی دیار نیە) نەکەی، برادەر: نەڕۆی ! بوەستە تا تەقەکە نەختێ ئەهوەن دەبێتەوە !

سەربازی یەکەم: (لە ناوەڕاستی شانۆدا بەدووای برادەرەکەیدا دەگەڕێ، بە هاوارەوە) ئەهوەن نابێتەوە. ئەمە هێرشەکەیە. تۆ خۆت لە کوێ حەشارداوە ؟ هەڵسە بڕۆ، ئێرە جێ بێڵە ! ئێرە بۆمبباران دەکرێ؛ دەکوژرێی. من دەڕۆم، برادەر گیان، خواحافیز... خوا..حا..فیـ..ز.. (وردە وردە لەسەر شانۆ دووردەکەوێتەوە)

سەربازی دووەم: (بە هاوار و سۆزێکی پڕ لە نرکەوە بانگی دەکا) ڕاوەستە جارێ، برادەرە ئازیزەکەم ! وا گوللە و تۆپ هەموو لایەکی لێ تەنیوین. جارێ خۆت لە شوێنێکدا مات کە ! نەڕۆی ! دەکوژرێی ! دەکوژرێی، برادەرە ئازیزەکەم...

لەناکاو دەنگی ناڵە و هاوارێکی تاساو دەنگ دەداتەوە:

لەوانەیە دەنگی سەربازی یەکەم بێت و کوژابێت، بەڵام دەنگەکە زۆر لە دەنگی سەربازی دووەمیش دەچێت؛ لەوانەشە دەنگی هەر دووکیان بێت بەیەکەوە. خۆ لەوانەشە دەنگی هیچ کامێکیان نەبێ.

- پەردە -

هەولێر – بەرگەڵوو: ١٩٨١ـ ١٩٨٣

*** ئەم شانۆنامەیە، پێشتر بە ناونیشانی (ماڵئاوا ئەی وڵاتەکەم) بڵاوکراوەتەوە.**